کاربای هەرەم لە ئێگەری پچڕانی نەخوازراو لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە هاوڵاتیانی سلەمانی ئاگادار دەکاتەوە



وەزارەتی کارەبا رایگەیاند، لە سنووری پارێزگای سلەمانی و بە دیاریکراوی لە سەنتەری شاری سلەمانی هەدەستێت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی فشاری سەر تۆڕی کارەبای نیشتمانی لە سبەینێ شەممە، لە کاتژمێر ١ ەوە تاقیکردنەوەکە دەستپێدەکات.

ئەمڕۆ هەینی ١٤ـی ئازاری ٢٠٢٥، وەزارەتی کارەبا رایگەیاند، لە سنووری پارێزگای سلەمانی و بە دیاریکراوی لە سەنتەری شاری سلەمانی هەدەستێت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی فشاری سەر تۆڕی کارەبای نیشتمانی، ئەم تاقیکردنەوەیە رێکارێکی ڕێتینیە بۆ تۆڕی کارەبا ئەنجام دەدرێت لەلایەن وەزارەتی کارەبا، بۆ ئامانجی دڵنیابوون و دیاریکردنی کێشە و خاڵە لاوازەکانی سەر تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا.

ئاماژەی بۆکرد، ئەم تاقیکردنەوەیە هەموو گۆڕەکانی ناوشار ناگرێتەوەو سنوردارە لە چەند شوێنێکی دەست نیشانکراو.

هەروەها، بە ئەم مەبەستەش، وەزارەتی کارەبا هاوڵاتیان پێشوەختە ئاگادار دەکاتەوە لە ئێگەری پچڕانی نەخوازراوی کارەبا لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە.